# تاقیکردنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد بە فێمێنیزم*

مستەفا زەنگین

و: سیپان ڕۆژهەلات

تێگەیشـــتنێکی ڕواڵەتی و بـــە کەمگرتن لەوەی کـــە ناســـیۆنالیزم تاکـــە هۆکاری بـــەدی نەهاتنی یەکســـانیی ژن وپیاوە لە کۆمەڵگـــەی کوردیدا، هەر لە ســـەرەتاوە بووە هۆی ئەوەی کە ڕۆڵی ناســـیۆنالیزم لە پێشاندان و بەرجەســـتەکردنی ناسنامەی ژن لاواز پێشـــان بدات. ئەگەر سیاســـەتی ئەو ئیدیۆلۆژییانەی کە ناســـیۆنالیزم وەکوو بنەما بۆ خۆیان بەکاردینن بەڵام دژایەتیی ئازادی و مافی ژنان و یەکسانییان دەکەن، لەســـەر ناســـیۆنالیزم حیســـاب بکرێـــت، ئەو تێگەیشـــتنە دەبێتە هـــۆی ئەوەی کە گرنگیدانی ناســـیۆنالیزم بـــە ئازادیی ژنان نەبینرێت و بە نارەوا پێشانی بدات.

دیارە کە لـــەم ســـاڵانەی دواییدا ئەو پەڕتووک و بابەتانەی لەسەر پەیوەندیی نێوان فێمێنیزم و ناسیۆنالیزم نووسراون، ڕووی لە زیادبوون کردووە. بـــەڵام لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا ئەو بابەتە ڕەنگدانەوەیەکی کەمی هەبووە بە شـــێوەیەک کە دەتوانین بڵێین هەر نەبـــووە. من لەو بڕوایەدام کە یەکێک لە هـــۆکارە ســـەرەکییەکانی ئـــەم بابەتە، یـــەک نەبـــوون و ناســـازبوونی فێمێنیزم وناســـیۆنالیزمە، لە بەر ئەوەی ناسیۆنالیزم وەک ڕێگرییـــەک بۆ یەکســـانیی ڕەگەزی ومافی ژنان ناســـێنراوە. هەرچەندە ناتوانین سەرجەم ئەوشـــتانەی لەســـەر ئەم مژارە وتـــراون و نووســـراون ڕەت بکەینـــەوە و خۆمـــان بە مافدار پێشـــان بدەین و بڵێین ئەوان هیچ بەڵگەیەکیـــان نییە. دەمەوێت لەم نووسینەدا پێشان بدەم کە نابێ لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە کە ناسیۆنالیزم تاکە هۆکاری نایەکسانیی ڕەگەزییە، ناسیۆنالیزم وەکو ئیدیولۆژییەکی موتڵەقی پیاوسالارانە قەبووڵ بکەین و فێمێنیزم بە شـــێوەیەکی ڕادیـــکال ڕەت بکەینەوە. ئەوە دەبێتە هۆی لاوازکردنی ڕۆڵی ناســـیۆنالیزم لە پاراستنی مافی ژناندا. ئەو بابەتە لەلایەن «بزووتنەوەی ژنانـــی کـــورد» لەنێو کۆمەڵگـــەدا قەبووڵ کراوە و بـــەردەوام دووبارە دەکرێتەوە. لەم نووسینەدا لە چوارچێوەی ڕەخنە گرتن لەو بزووتنەوە سیاســـییەی کە باسمان کرد و بەرگریکردنیان لەو تێگەیشـــتنە، باس لەوە دەکەیـــن کـــە ناســـیۆنالیزم چ کارێکی لە بەرژەوەندیی دۆزینەوەی ناسنامە و ئازادیی ژناندا کردووە.

## ڕەخنـــەی بزووتنەوەی ژنانی کورد لە ناسیۆنالیزم

لێرەدا کە باس لە «بزووتنەوەی ژنانی کورد-حەرەکەتا ژنێن کورد» دەکەین مەبەستمان ئـــەو بزووتنەوەیەیـــە کە لەســـەر بنەمای تیورییەکانـــی عەبدوڵـــڵا ئۆجەلان ڕێبەری پ ک ک و بە شـــێوەیەکی ڕەوا(لێگال) لە چوارچێوەی پارتـــی دیموکراتیکی گەلان (HDP و پارتـــی هەرێمـــە دیموکراتەکان DBP و ڕێکخراوەکانی نزیک لەو دووپارتە جـــێ دەگرن. بەڵام دەبێ ئـــەوە بڵێین کە هیچ ڕێکخراو یان گرووپێکی فەرمی نییە بە نـــاوی بزووتنەوەی ژنانی کورد، بەڵام لەبەر ئەوەی کە زۆربەی هەڵســـوڕاو و ئەندامانی ئـــەو بزووتنەوەیە ژنانی کـــوردن، بەو ناوە دەناسرێت. بۆیە ئەو ڕێکخراوانەی ژنان کە لە نێو ئەو بزووتنەوەیەدا باســـیان دەکەین، دوای هەڵوەشـــاندنەوەی بزووتنـــەوەی دیموکراتیکـــی ژنانی ئازاد، لە ژێر ناوەکانی بزووتنـــەوەی ژنانی ئازاد-تەڤگەرا ژنێن ئازاد TJA و کۆنگرەی ژنانی ئازاد KJA، درێژەیان بە کارکـــردن داوە. بزووتنەوی ژنانی کورد کە لە دوای ســـاڵانی ١٩٩٠ لە بوارەکانی کۆمەلایەتی، سیاسی و سەربازیدا گەشەی خێرای بە خۆیەوە بینیوە، ئەم پێشکەوتنەی کۆمەڵەکان کە شـــێوازێکی ڕێکخســـتنە، وەکوو بەرەوپێشچوونێکی گرنگ دەبینێت. بە دەســـتپێکردنی قۆناغـــی نوێبوونەوە و دەستپێکردنی شۆرشی گەلان کە ئەنجامی

بەدیهێنانی ئازادیی تاکەکەسی و کۆمەڵگە و برایەتی و یەکسانی بۆ نەتەوە بوو، ژن وەکوو بنەمای سەرەکیی پێکهێنانی نەتەوە دادەنرێ. ئەوەی کە لێرەدا بە گرنگی باسی لێوە دەکرێت، نەتەوە یا میللەتە کە توانی خۆی لە پرۆسەی نەتەوەییبوونی سروشتیدا پێشان بدات. بەڵام بە بڕوای بزووتنەوەی ژنانی کورد، نەتەوە لە لایەن چینی بورژوا کە دەستیان بە سەر قۆناغی شۆڕشدا گرتووە، لە ڕێڕەوی دروستی خۆی دوورخراوەتەوە، تێکدراوە و بە لاڕێدا براوە.

ئەو بزووتنەوەیە لەو بڕوایەدایە کە بە شێوەیەکی سروشتی، پێکهاتەی کۆمەڵگەی پیشکەوتوو لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بە لاڕێدا دەبرێت و بە ناوی هەموو کۆمەڵگەکانەوە شەڕی خوێناوی ڕوودەدات، کە بۆ خودی ژنانیش دەبێتە هۆی پێشهاتنی ئالنگارییەکی گەورە. بزووتنەوەی ژنانی کورد لەو بڕوایەدایە کە مژاری نەتەوە لە لایەن دەسەڵاتداران و بورژوازەکانەوە لە جەوهەری سەرەکیی خۆی دوورخراوە و بە لاڕێدا براوە، بووەتە هۆی بەدەستهێنانی ئەنجامی قووڵ بۆ ژنان و کۆمەڵگە. )فادیلە یلدرم -٢٠٢١٢( لەم خاڵەدا ڕەخنەی بزووتنەوەی ژنانی کورد لە ناسیۆنالیزم دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. وەکوو لە سەرەوە باسم کرد بزووتنەوەی ژنانی کورد لەسەر بنەمای پارادیگمای عەبدوڵڵا ئۆجالان بۆ کۆمینال (اشتراکی) دیمۆکراسی، ژینگەیی و ڕەگەزی خۆی دەناسێنێت و شێوەیەکی ڕەخنەی لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی گشتیی ناسیۆنالیزم پەسەند دەکات. ئەمەش لەسەر بنەمای ڕوانینی ئۆجەلانە کە ناسیۆنالیزم وەکوو نەخۆشیی سەردەم پێناسە دەکات و ناسیۆنالیزم وەکوو یەکێک لە ئیدیولۆژییەکانی هێز و دەسەڵات وەسف دەکات کە لەسەر بنەمای جیاوازیی ڕەگەزی گەشەی پێ دەدرێت.

بزووتنەوەکە دەڵێت ناسیونالیزمی گەشەسەندوو و بە دەسەڵات گەیشتوو، بە سوود وەرگرتن لە نەتەوە، دەسەڵاتی بە پیاو داوە(پیاوسالاریی وەدی هێناوە) و ژنانی داپلۆسیوە و لە کایەکانی کۆمەڵگە وەدەری ناون. بە زمانێکی توند ناسیۆنالیزم بە (شوناسی پیاوسالاری) پێناسە دەکات.

چینی بورژوا لە نەتەوەی پیاوسالارانە هەوڵ دەدات ژن وەلاوە بنێت لە کاتیکدا کە ژن جەوهەری سەرەکیی پێشاژۆی ناسیۆنالیزم بووە و چینی بورژوا لە سەر بنەمای تیۆریی نەتەوە —دەوڵەت، ژن بۆ پرۆپاگەندەکردن بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی بەکار دێنێت. ناسیۆنالیزم کە بە هۆکاری قووڵبوونی کێشە ڕەگەزییەکان لەنێو کۆمەڵگەدا دادەنرێت، ڕێگە نادات لە کاتی بونیادنانی نەتەوەدا، ئیرادەی ژنان بە شێوەیەکی واقیعییانە، لە بەدەستهێنانی یەکسانی و ئازادیدا بەشدار بێ. بزووتنەوەی ژنانی کورد، ناسیۆنالیزمی نەتەوە — دەوڵەت و سێکۆلار-لائیک لەسەر بنەمای تێگەیشتنەکانی ئۆجالان قەبووڵ دەکات و لەو بڕوایەدایە کە نەتەوە-دەوڵەت، توندترین شێوازی نوێنەرایەتیکردنی دەسەڵاتی پیاوسالارانە و ئیستیسمارییە و ڕەخنەی لێ دەگرێ. نەتەوە-دەوڵەت وەکوو دوایین ڕێڕەوی مێژوویی، دەسەڵاتداری پێناسە دەکات کە ڕۆڵی ژنان بە نادیدە دەگرێت، وەکوو تەقینەوەی ئیمپراتۆرییەتی پیاو پێناسە کراوە ( عایشە گۆککان ٢٠١۶). بزووتنەوەکە لەو بڕوایەدایە کە پرۆژەی نەتەوەی دیموکرات کە وەکوو جێگرەوەی نەتەوە-دەوڵەت دادەنرێت، تەنیا کاتێک دەتوانێت سەرکەوتوو بێت کە ژن وەکوو ئەکتی سەرەکیی کۆمەڵایەتیبوون، «نەتەوە» پەسەند بکات. (یلدرم ٢٠١٢) دژایەتیکردنی بزووتنەوەی ژنانی کورد لە گەڵ ناسینالیزم لەسەر ئەو بنەمایەیە کە

ناسیونالیزم ئیدیۆلۆژییەکی پیاوسالارانەیە و لە بەر ئەوە ناسنامەی ژنان دەسڕێتەوە و وەکوو ئامانجێک درێژە بە چەوساندنەوەی ژنان دەدات.

## ڕەخنەی بەرانبەر: ناسنامەی ژنان هۆکارێک بۆ شاردنەوەی ناسنامەی کورد

بێ دوودڵی دەتوانین بڵێین بزووتنەوی ژنانی کورد بێتاوان نین لە دوورکەوتنەوە لە ناسیۆنالیزم، لە بەر ئەوەی بۆچوونێک هەیە کە دەڵێت ئەو بزووتنەوەیە بە هێنانە پێشی ناسنامەی ژنان دەیەوێت ناسنامەی ناسیونالیستی بشارێتەوە. لەو بزووتنەوەیەدا ناسنامەی ژنان کە خۆی لە ناسنامەی کورد جیا دەکاتەوە و پێگەی سەرەکیی خۆی بەدەست دەهێنێت، لە خەباتی نەتەوەییشدا گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی کە «بەر لە هەر شتێک، خەبات بۆ ئازادکردنی ئەو نەتەوەیە بکرێت کە لە لایەن چینی پیاوسالارەوە داگیر کراوە». یلدرم ۲۰۱۲

گوڵتەن کشاناک لەو بڕوایەدایە کە لە خەباتی نەتەوەییی کورددا، وەکوو هێزێکی لاوەکی مامەڵە لەگەڵ ژنان کراوە، بەڵام ئەوان بە تێگەیشتن لە ناسنامەی ژن بوون، خۆیان لەو کێشەیە ڕزگار کردووە. هەروەها لە سەرجەم نووسینەکانیدا لە پەڕتووکی «ڕەنگی مۆری- وەنەوشەییی سیاسەتی کورد»، گوڵتەن کشاناک بۆچوونە سیاسییەکانی خۆی لەسەر بنەما و بەرجەستەکردنی ناسنامەی ژن بوون بەیان دەکات، گوایە ئەو کار و توندوتیژییەی بەرانبەریان کراوە، تەنیا بە هۆی ژن بوونیان بووە. هەرچەندە قسەکردن لەسەر ئەوەی کە ئەمە بە ئەنقەست کراوە یان نە بابەتێکی جیاوازە، بەڵام لە سەرجەم نووسین و لێدوانی ئەو کەسایەتی و ڕێکخراوانەی سەر بە بزووتنەوەکە کە لە ئاژانسی ژن نیوز و گۆڤاری ژنۆلۆژیدا بڵاوکراونەوە، هیچ هۆکارێک نییە وا پێشان بدات کە ئەم کارە بە نەزانین کراوە. دوورکەوتنەوە لە ناسیۆنالیزم و پێشاندانی ئەوەی کە ناسیۆنالیزم تاکە هۆکاری زۆرێک لە واتە خراپەکانی نێو کۆمەڵگە بە تایبەتی جیاوازیی ڕەگەزییە، لە خودی خۆیدا دژایەتی کردنی ناسیۆنالیزمە. زیادە لە پارێزگاریکردن لە ڕێکخراوێکی فێمێنیستیی سەربەخۆ کە خەباتی نەتەوەیی ناکات، بە بچووک کردنی خەباتی نەتەوەی کورد بۆ خەباتی ناسنامەی ژن بە دروشمی «ژنی ئازاد کۆمەڵگەی ئازاد»، دەیەوێت فێمێنیزم بکاتە جێگرەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی.

بزووتنەوەی ژنانی کورد ئامانجی لەپێشینەی چالاکییە سیاسییەکانی خۆی لەجیاتی خەباتی نەتەوەیی، خەبات بۆ ئازادیی ناسنامەی ژنان دادەنێت. وەک نموونەیەکی نادیدەگرتنی ناسنامەی نەتەوەی کورد لە بەرژەوەندیی ناسنامەی ژنان و دانانی ناسنامەی نەتەوەیی لە پێگەی دووەم لە دوای ناسنامەی ژن بوون، دەتوانین ئاماژە بە مەقالەیەکی مەلیکە گول دەمیر بکەین کە لە ماڵپەری ژن نیوزدا بڵاوکراوەتەوە و لە ژێر ناوی «هەموو کاتێک خەباتکردن لە دژی ئەو سیاسەتانەی کە ژنان بە ئامانج دەگرن»، نووسەر لە بابەتەکەدا ئاماژە بە شەڕی خەندەقەکان (شەڕی نیوان پەکەکە و سوپای تورکیا) لە شارەکانی نسێبین، جزیر و سوور دەکات کە بە پارێزگا کوردییەکان ناویان دەبات و دەڵێت لەو ڕووداوانەی کە لە شەڕی خەندەقەکان ڕوویانداوە، ژنانی کورد تەنیا لە بەر ئەوەی ژن بوون ئەشکەنجە دراون و کوژراون.

نووسەر دەڵێت لاشەی ئەو ژنانە کە لە شەڕی شارە کوردییەکاندا بریندار

کراون  یان خود ژیانیان لەدەستداوە، بووە مەیدانێک بۆ سەرکەوتنی پیاوە یونیفۆرم لەبەرکان (سەربازەکان) و شەڕەکە وەکوو شەڕی نیوان دوو ڕەگەزی ژن و پیاو پێناسە دەکات، بەڵام نووسەر هیچ ئاماژەیەکی بە ناسنامەی کوردبوونی ئەو ژنانە ناکات، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە بە ئامانجگرتنی ئەو ژنانە لەو شەڕانەدا، لەبەر ئەوە نییە کە ئەوان تەنیا ژنن، بەڵکۆ لەبەر ئەوە بووە کە ئەوان ژنانی کوردن.

گۆڵتەن کشاناک لە دیباچەی کتێبەکەیدا بە ناوی ڕەنگی وەنەوشەی سیاسەتی ژنان لە ژێر ناوی «هەنگاو بە هەنگاو گەشەکردنی خەباتی ئازادیخوازیی ژنان»، باس لە کاردانەوەکانی دوای سوێندخواردنی لەیلا زانا، ژنە پەرلەمانتەری کورد، لە ساڵی ١٩٩١ لە پەرلەمانی تورکیا دەکات و دەڵێت لە هەموو بوارەکاندا دەست بە تێشکاندنی ژنان کرا، بەڵام کشاناک وا پێشان دەدات کە ئەمانە بە هۆی قەبووڵنەکردنی ناسنامەی ژنان و هەوڵدان بۆ لاوازکردنی خەباتی ئازادیخوازیی ژنان بووە، لەکاتێکدا نارەزایەتی دەربڕین لە کاتی سوێندخواردنی لەیلا زانا بە هۆی ئەوە بوو کە گوتی «ئەم سوێند بۆ برایەتیی گەلی کورد و تورک» دەخۆم و هەموو لایەک هاوڕایە، کە بە هۆی هاتنی وشەی کورد لە بەر ئەوەی ئەو سوێندە بە کوردی بوو کاردانەوەی لێ کەوەتەوە. پێشاندانی ئەو بابەتە لە لایەن کشاناکەوە وەکوو دژایەتیکردنی ناسنامەی ژنان و چەوساندنەوەیان، هەوڵێکە بۆ نادیدە گرتن و شاردنەوەی زمان و ناسنامەی کوردبوون. لە ڕاستیدا هیچ تێگەیشتنێک نییە لەسەر ئەوەی کە کشاناک خۆی وەکوو کەسێک کە سەختیی زۆری بە هۆی ناسنامەی نەتەوەییەوە بینیوە و زۆرجار ڕووبەڕووی دەردەسەری و گوشار بووە، بەڵام باس لە ناسنامەی کوردبوون ناکات و ناسنامەی ژن بوون دەخاتە پێشەوە.

ئەوە خەیاڵ و هەڵخەڵەتاندنە کە بزووتنەوەی ژنان دەستکەوتەکانی نەتەوەی کورد وا پێشان بدات کە تەنیا بە هۆی خەبای ژنان و ناسنامەی ژنانەوە بە دەست هاتوون وەکوو ئەوەی لە سالانی ١٩٩٩ و ٢٠٠٤ لە هەڵبژاردنە خۆجییەکان لە ناوچەی (دۆغۆ بەیازیدی ئاگری) ڕوویدا و موقەدەسە کوبیلای سەرکەوتنی بەدەستهێنا

کوبیلای بابەتێکی لە پرتووکی ڕەنگی وەنەوشەیی سیاسەتی ژنانی کورددا لە ژێر ناوی (سەرۆک، چیدی ناتوانین هیچ شتیک بە ژنان بڵێین( نووسیوە و باس لە کاندیدبوون بۆ سەرۆکی شارەوانی و ئەو سەرکەوتنانە دەکات لەو بەروارەی ئاماژەمان پێکرد بەدەستیهێناوە، ئەو سەرکەوتنە بەوە دەبەستێتەوە کە بە هۆی پشتگیری بزووتنەوەی ژنان و ناسنامەی ژنبوونییەوە بووە. دەکرێت بە ڕێژەیەکی کەم لە ژنان بە هۆی ناسنامەی ژنبوونەوە پشتگیریان لە کوبیلای کردبێت، بەڵام هەم بە هۆی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی (سوسیولۆژی) دۆغۆبەیازید و هەم کاندیدبوونی کوبیلای لە لایەن پارتەکانی هادەپ و دەهاپ، بەڵگەی ئەوەیە کە ناکرێت ئەو سەرکەوتنە تەنیا لە ناسنامەی ژنبووندا قەتیسبکرێت. لە بەر ئەوەی ئەو ڕاستییە هەیە کە لەو سەردەمە و ئێستاش لە دۆغۆبەیازید پێکهاتەیەکی باوکسالارانە هەیە لەوە گرنگتریش ئەوەیەکە هەردوو پارتی هادەپ و دەهاپ لە لایەن کوردەکان بۆ گەیاندی داواکارییە نەتەوەییەکان دامەزراون و وەکوو دوو پارتی ناسیونالیستی کورد قەبووڵکراوەن.

سارا ئاکتاش کە یەکێک لە چالاکڤانانی بزووتنەوەی ژنانی کوردە لە ساڵی ٢٠١٧ بە بنەماگرتنی ژنان ئەوەندە زیادەڕۆیی

کــردووە کە دەڵێت بزووتنـــەوەی ڕزگاری کورد کە مەبەســـتی پ، ک، یە زیادە لە کۆلۆنیالیزم، فئودالیزم، عەشـــیرەگەری و دژەدیـــن بوون، گرنگی بـــە ئازادی ژنان داوە و وەکـــوو یەکەم ئامانجی خۆی داناوە.

بە هەمان شـــێوە ئاکتـــاش کە جۆرئەت لە ڕەخنەکانـــی پ. ک. لە ســـەر بابەتی ڕەگەزیـــی کۆمەگە وەردەگرێـــت دەڵێت، «مێـــژووی بزووتنەوەی کـــورد. . مێژووی دروســـتکردنی ژنانی ئازادیخوازە کە سەر لە نوێ ژنبوونی خۆیان پێناســـە دەکەن و پیاوان، پیاوەتی خۆیان دەکوژن»

ئەو دەڵێت «سەرکەوتنی شۆرشگێرانی ژنی کورد و شۆرشـــی ڕۆژئاوا»دا مەترسی لەســـەر زیهنییەتـــی پیاوســـالاری کورد دروســـتکردووە نـــەک کۆلۆنیالیزمـــی کوردستان.

ئەم گوتانەی ئاکتاش هەموو شـــتێکی ئاشکرا کردووە کە ناوی دیکەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بـــووە بە ژن، واتە لە سەرووی بزووتنەوەی کورد بابەتیکی دیکە هەیە کـــە ئەویش خەباتی ژنانە کە دەبێت شرۆڤەی بۆ هەموو بابەت و مژارێک هەبێت

بە پێی بەیاننامـــە و لێدوانی ئەندامانی ئـــەو بزووتنەوەیە، دانانی قەیووم لە ســـەر شـــارەوانییەکان و پێشـــاندان و گێرانـــی لاشـــەی ڕووتی کوژراوانی شەڕی خەندق لە نێو شارەوکان کە ژنیشیان لە تێدا بووە لە لەیـــەن فەرمانبەرانـــی جێبەجێکردنی یاسا وهەڵکوتانە سەر شوێنەکان و گرتنی چالاکوانـــان وەکو ئەوەی لە مەراســـیمی کۆچـــی دوایـــی دایکی ئایســـەل توگلۆک ڕوویدا و هێرش کرایە ســـەر مەراســـیمی جەنازە و ناشـــتنی تەرمی دایکی ئایسەل توگلۆک، تەنیا وەکوو دژایەتی دەســـەڵاتی پیاوسالارانە بەرامبەر ئیرادەی ژنان پێشان دەدرێت، مەبەســـتی ســـەرەکیش ئەوەیە کە دەیەوێت ناســـنامەی کوردبوون نادیدە بگرێت.

دەتوانین بڵێین دیتنی کارەکانی دەوڵەتە کۆلۆنیالسیتەکان(داگیرکەرانی) کوردستان و توندوتیژییەکەیـــان بەرامبەر ناســـنامەی کورد وەکـــوو توندوتیژی پیاوســـالارانە و بە ســـەنتەرگرتنی ژن بۆ هەموو شـــتێک لە لایـــەن بزووتنەوەی ژنانـــی کورد و لە ورانگەی ژنبوونەوە هەموو شـــتێک ببینی وەکوو وەسواسێکی لێهاتووە.

بزووتنـــەوە ئەوەنـــدە بـــەرەو پێـــش ڕوویشـــتووە کە خۆی لەگەڵ ڕەخنەکانی لە بزووتنەوەی ناسیونالیســـتی و دەسەڵات دژیەکییەکی گـــەورەی پەیدا، کە گوایا لە ناســـیونالیزمی ژنانە و دەســـەڵاتی ژنانە لە (تیوری ژنانە)دا جێگیر دەکات.

## ناســـیۆنالیزمی پاریزەری فێمێنیست یان فێمێنیزمی ناسیۆنالیست

بە پێی قسەکانی جۆزێفین دۆنوڤان ٢٠١٤، ئەبیگێـــل ئادامز لە ســـەردەمی شۆرشـــی ئەمریکا دا، کاتێک جۆنی هاوســـەری یاسا نوێیەکان ئامادە بۆ دامەزراندنی نەتەوەیەک ئامـــادە دەکات دەڵێت پێویســـتە دەنگێک و نوێنەرێکی ژنانیـــش هەبێت، دەتوانین بڵێیـــن ئـــەو جۆرئەتـــەی کە لـــە خۆیدا دۆزییـــەوە بـــۆ بەیانکردنی ئەم قســـەیە، نیشـــانەیەکی مۆدێرنبوونە کـــە لە نەوەتە سەرچاوە دەگرێت، لە ڕاستیدا ئەم قسەیە لەســـەر بنەمای تیوری ڕانجۆ سادۆ هەری Ranjoo Seodu Herr›in (٢٠٠٣) لە بارەی یەکســـانی ئەندامانی نەتەوە کە ژنانیش لە خۆ دەگرێت کراوە. لە ســـەردەمی نوێدا، بەشداری ژنان لە پێشکەوتنی ژیان وەکوو پێداویســـتییەکی نەتەوەیەکـــی مۆدێـــرن وەســـفکراوە کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ژنان بەرێگەی بەشـــداربوون لە هەوڵەکانی نەتـــەوەی (ناسیۆنالیســـتی) پێگەیەکـــی تایبەتیـــان بەدەســـتهێنا (Tanıl Bora,

2017)، ژنـــان بە بەشـــداربوون لە پرۆژەی ناسیۆنالیســـتی و ڕزگاربوون لەوەی کە لە نێوخۆیاندا داخراوبن، لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا پێگەیەکیـــان پەیدا کرد (Cynthia Enloe, 2013).

لە ڕاستیدا ناســـیۆنالیزم، دروستکردنی زەمینـــە و ناوەندێکی هاوبەشـــە لە نێوان هاووڵاتیان(نەتـــەوە)دا، کـــە بتوانـــن بـــە مەبەســـتی گەیشـــتن بە ژیانێکی ئاسوودە بـــە یەکســـانی پێکەوە کار بکـــەن. لە زۆر بارودۆخدا ژنان بە دەستی خۆیان زەمینەی نەتەوەبوونیان دروســـتکردووە، هەرچەندە نوخبەی ناسیونالیســـت کە بەدەســـەڵات دەگەیشـــتن، هەندێک جـــار درێژەیان بە سیستەمە کۆنەکەیان دەدا لە دژی ژنان و ئەوانیان وەلا دەنا بەڵام ژنان بەگشـــتی بە فیمێنیستەکانیشەوە، پشتگیرییان لە مافی دەنگدان، بەشـــداریکردن لـــە بەڕێوەبردنی دەوڵـــەت، کە یەکێـــک لـــە هۆکارەکانی فراوانکردنی سیاســـەت بـــوو، دەکرد و زۆر جار خەباتیان دەبووە بەشـــێک لە خەباتی ناسیۆنالیستی (Elif Ekin Akşit, 2010).

ئاکســـوو بۆرا لە ســـاڵی ٢٠١٠ لەگەڵ باســـکردنی ڕەخنەگرتنی ناسیۆنالیســـت لە فێمێنیســـت، ئامـــاژە بـــەو ڕێککەوتنە نەنووســـراوە دەکات کە ناسیۆنالیزم لەگەڵ فێمێنیزم هەیەتی. لە مەقالەیەک بە ناوی «مۆدێرنیزەبوون لە جۆگرافیای ئیســـلامی و بزووتنەوەکانی ژنـــان»دا دەڵێت کە ژنان لـــە چوارچێـــوەی نەتـــەوەی مۆدێرن کە لە ناوەڕاستی ســـەدەی نۆزدە دەستی پێ کرد و ســـەرجەم کۆمەڵگەکانی گرتەوە، لە گۆڕانـــی کۆمەڵایەتـــی و ئابووریدا ڕۆڵێکی چالاکیـــان هەبووە. بـــۆرا هەروەها، پێدانی ئەرکـــی نـــوێ بە ژنـــان و دابیـــن کردنی دەرفەتی نوێی بەشداربوونیان لە کایەکاندا، وەکـــوو خاڵێک باس دەکات کە ناکرێت لە ناســـیۆنالیزمی نوێ جیـــا بکرێتەوە. لۆیس ویســـت لـــە پێشـــەکیی بەرهەمێکـــدا بە ناوی ناســـیۆنالیزمی فێمێنیستی لە ساڵی ١٩٩٧ بانگەواز بۆ فێمێنیزمێکی ناسیۆنال دەکات و دەڵێـــت هەروەکـــوو چۆن ژنان لە کۆتاییی ســـەدەی ١٩ و ســـەرەتاکانی ســـەدەی ٢٠دا بەشـــداربوون لـــە خەباتی دژی ئیســـتعمارگەری، ئەمڕۆش بە هەمان شـــێوە یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی بزووتنەوە ئێتنیکییەکان پێکدەهێنن.

بـــە ڕاســـتی نەتەوەپەروەریی پۆســـت کۆلۆنیالیـــزم، ڕەوایەتـــی بـــە خەباتـــی کۆمەڵایەتـــی ژنـــان دەدات، کـــە ئەمەش میراتێکـــی ناســـیۆنالیزمە کە بەشـــداریی ژنـــان لە سیاســـەت لـــە وڵاتانی پۆســـت کۆلۆنیالیزمدا ئاســـانترە تاوەکوو لە وڵاتانی مێتروپۆلیتان(کەلان شەهر) (Ania Loom-ba, 2000).

«قومـــری ژایاوەردەنـــە»، ئامـــاژە بەوە دەکات کـــە لـــە کۆتاییی ســـەدەی ١٩ و سەرەتای ســـەدەی ٢٠دا، فێمێنیستەکان لە ســـێیەمین بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیدا بە مەبەستی بەدەســـتهێنانی ئازادیی ژنان ڕۆڵێکـــی چالاکانەیان هەبـــوو. بزووتنەوە نەتەوەییـــەکان ڕۆڵێکـــی کاریگەریان لە کۆکردنـــەوەی چالاکڤانە فێمێنیســـتەکان بـــە دەوری یەکتردا هەبـــووە و دەڵێت کە خەباتـــی ڕزگاریـــی ژنان لـــە چوارچێوەی خەباتی نەتەوەییدا بەڕێوە چووە.

بە بـــڕوای ژایاواردەنـــە، بزووتنەوەی ژنان بە مەبەســـتی سەربەخۆییی سیاسی، لە خەباتە نەتەوەییەکاندا ڕۆڵێکی چالاکی هەبـــووە و بۆ بەدەســـتهێنانی ناســـنامەی نەتەوەیی و کۆمەڵگەیەکی ســـەردەمیانەی مۆدێرن هەوڵیـــان داوە. لەوە زیاتر خەباتی ئازادیخوازانـــەی ژنـــان، بووە بە بەشـــێکی سەرەکی و جیا نەکراوەی خەباتی نەتەوەیی (akt. Sylvia Walby, 2015).

لە کاتی سەرهەڵدانی شەپۆلی دووەمی

فێمێنیزم له ساڵانی ١٩٧٠-٨٠ له زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەی نێودەوڵەتیدا، شرۆڤە لەبارەی نەبوونـــی دیالۆگ له نێـــوان ژنانی جیهانی یەکەم و ســـێیەم کـــراوە کـــە یەکێکیان ڕزگاریـــی ژنـــان وەکـــوو تاکـــە ئامانجی فێمێنیـــزم دادەنێت، بەڵام لایەنی بەرانبەر دەڵێت تاوەکوو نەتەوەکەیان ڕزگار نەکرێت باسکردنی ئازادیی ژنان بێ واتایە. (Nora Yuval-Davis, 2007).

لـــە ڕێگـــەی ئەزموونـــی مێژوویی له چەنـــد وڵاتی جیهـــان دەتوانیـــن ببینین کە ناســـیۆنالیزم، لەبارەی بەدەســـتهێنانی مافەکانی ژنان، ئیدیۆلۆژییەکی سیاســـیی وا نییـــە کـــە نەتوانێت لەگـــەڵ فێمێنیزم بگونجێت. دەتوانین وڵاتانی وەکوو تورکیە، ئێران، هندســـتان، فیلیپین، ئەفغانستان و میســـر وەکوو نموونەیەک باس بکەین کە له ساڵانی کۆتاییی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠دا، ناســـیۆنالیزم بە تەواوەتی چووەتە قۆناغێکی نوێوە.

ســـەرجەمیان یەکســـانیی ڕەگەزی و ئازادیی ژنیان وەکوو بەشـــێک لە پرۆژەی نوێکردنەوەی نەتەوەی ســـەربەخۆ قەبووڵ کردووە. تێگەیشتنی نەتەوەیی لەو وڵاتانە، مافـــی دەنگـــدان وهەڵبـــژاردن، مۆڵەتی منداڵبـــوون، ڕێگـــەدان بـــە خزمەتەکانی بەخێوکردنـــی منـــداڵ و گرنگیـــدان بـــە خێزان بە پێـــی بەها کلتورییەکانی خۆیان و هاوژینی لەســـەر بنەمای خۆشەویستی و تـــاک هاوســـەری و مافی قســـەکردنی ژنانیان پاراســـتووە. ناسیۆنالیســـتەکان له چەند وڵاتێکـــی ئانتی کۆلۆنیالیســـت، بە ئاماژەیەکی ئەفسانەیی بە ڕابردووی خۆیان، ئیدعـــای ئەوە دەکەن کە یەکســـانیی ژن و پیاو لـــە تایبەتمەندییەکانـــی نەتەوەی ئەوانە. بنەمای ئەو یەکســـانییەی باس کرا، بەو واتەیەی کە بە بڕوای یەشـــیم ئارات، لـــە ســـاڵی ١٩٩٩ لەگەڵ ئـــەوەی دەبێتە

هـــۆی بەهێزبوونی ناســـیۆنالیزم، ئەنجام و زەرورەتێکـــی ناســـیۆنالیزمی مۆدێرنە. له لایەکی دیکەوە بەشداریی چالاکانەی ژنان لە پرۆسەی ناسیۆنالیستی و سەربەخۆبوونی نەتەوەکەیان لەخۆیدا دەرخەری پەیوەندی له نێوان فێمێنیزم و ناسیۆنالیزمدایە.

وەکـــوو نموونەیەک کـــە تانیل بۆرا له ساڵی ٢٠١٧ باسی لێوە دەکات و بە بڕوای فێمێنیستەکانی عوســـمانی، بەشداربوونی دڵخوازانـــەی ژنان لە خەباتـــی نەتەوەیی، دەرچەیەک بوو بۆ دروستکردنی هێزێک بۆ دەستەبەرکردنی مافی ژنان و هەمیش بووە هۆی ئەوەی کە له ڕیزی ڕۆشـــنبیرەکاندا لە نێو پرۆســـەی بە نەتەوەبووندا جێگەیان هەبێـــت. هەروەهـــا له میســـریش کە له سەرەتاکانی سەدەی ١٩ وەکوو دەوڵەتێکی نەتەوەییی ســـەردەمیانە گەشەی دەکرد، بزووتنەوەی فێمێنیســـتی هاتـــە مەیدان و ڕۆڵێکـــی دیـــار و چالاکیان لـــە خەباتی نەتەوەییدا هەبووە. ژنانی میسر، له شۆڕشی ســـاڵی ١٩١٩ له دژی ئیستعماری بریتانیا کە بەرهەمـــی خەباتـــی ناسیۆنالیســـتی بووە، بـــە ئازادانە لـــە مەیدانەکانی قاهیرە میتینگیان ساز دەکرد و بیروڕای خۆیانیان بە ئاشـــکرا دەردەبـــڕی. بەشـــداریی ژنان بە وەها شـــێوەیەکی چالاکانـــە لە خەباتی نەتەوەییـــدا، لە وڵاتانی وەکـــوو جەزایر و فەلەستین لە خەباتی ئازادیخوازی و دژی کۆلۆنیالیـــزم چووە قۆناغـــی توندوتیژی و شەڕ، ژنان لە ســـەرجەم بوارەکاندا ژیان و ئازادیی خۆیانیان خستە مەترسییەوە و بە شێوەیەکی چالاکانە بەشدارییان لە شەڕی خەباتی ئازادیخوازیی نەتەوەکەیاندا کردووە. لە کۆتاییدا ناســـیۆنالیزم، وەکوو ئەوە نییە کە بزووتنەوەی ژنانی کورد باسی دەکات و دەڵێت بەهۆی شوناسی پیاوسالاری، ژنانی وەلاوە نـــاوە، بە پێچەوانـــەوە دەرفەتی بە ژنـــان داوە کە بە شـــێوەیەکی چالاکانە لە

چالاکییەکانی سۆسیۆپۆلیتیک (سیاسەتی کۆمەڵایەتی- ڕووداوەکانی کۆمەڵگە)دا بەشدار بن.

وەکوو ئەوەی ئەلیف ئەکین ئاکشت دەڵێت: کە چاو لە مێژووی گەشەکردنی ناسیۆنالیزم و فێمێنیزم بکەین ناتوانین بە ئاسانی لێکیان جیابکەینەوە، هەروەها ناسیۆنالیزم کە بووە ڕۆژەڤی سەدساڵی دواییی جیهان، بەر لەوەی کە تەنیا وەکوو پرۆسەیەک ببینرێت کە تەنیا لە پیاوان پێکهاتووە، زیاتر تیشکی خستووەتە سەر کیشەکانی فێمێنیزم.

## ئامانجی کۆتایی

ئەو بیرۆکەیەی تێگەیشتنی تێکشکێنەر کە ناسیۆنالیزم وەکوو تاکە هۆکاری نایەکسانیی ڕەگەزی لە کۆمەڵگەدا دادەنێت، هەر لە سەرەتاوە ئەو هەوڵانەی ناسیۆنالیزم نادیدە دەگرێت کە بە مەبەستی ئاشکرا کردن و گرنگیدان بە ناسنامەی ژنان داویەتی. ئەو ئیدیۆلۆژییانە، ئەوە دەدەنە پاڵ ناسیۆنالیزم کە تیوری و هێزێکی دژی ئازادیی ژنان و یەکسانیی ڕەگەزییە. ئەم ڕوانینە دەبێتە هۆی ئەوەی کە تێگەیشتنی ناسیۆنالیزم بە ناوەرۆکی ئازادیی ژنان نەبینرێت و تەنانەت بە خراپ پێشان بدرێت. وەکوو نموونەیەکی مێژوویی دەتوانین باس لە ناسیۆنالیزمی لیبراڵ و ناسیۆنالیزمی موحافزەکار بکەین کە لە وڵاتانی عەرەب هەبوو و لە بارەی ئازادیی ژنان، ڕووانینی دژبەیەکیان هەبووە.

بە قسەی دەنیز کاندیوتی-٢٠١٣، ئازادیی ژنان دەبێتە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی خەباتی ناسیۆنالیستیی لیبراڵ، بەڵام لە بەرانبەردا ناسیۆنالیستی موحافزەکار پشتگیری لە بیرورا ئایینییەکان دەکات کە ژنان وەکوو پلە دوو قەبووڵ دەکات». لێرەدا ئەگەر ڕوانینی ناسیۆنالیستیی موحافزەکار لە بارەی یەکسانیی ڕەگەزی کە لە بیرورا و ئارگۆمێنتی ڕێکخستنە دینییەکان سەرچاوە دەگرێت لەسەر ناسیۆنالیزم بە گشتی حیساب بکرێت، تووشی هەڵەیەکی گەورەی بەڕێوەبردن دەبین. وەکوو ئەوەی لێرەدا دیارە دانانی ژنان لە پێگەی دووەم، ناسیۆنالیزم نییە بەڵکوو ئەو ڕێکخستنە دینییانەن کە لە لایەن کۆمەڵگەوە قەبووڵ کراون. هەمان حاڵەت لە بارەی مافەکانی ژنان کە لە ژێر گۆشاردان بۆ وڵاتانی وەکوو پاکستان، بەنگلادیش، ئێران، ئەفغانستان و لە ساڵانی دواییدا تورکیا، ڕاستە. لەبەر ئەوەی لەو ڕژێمانەش بۆ مڵکەچکردنی ژنان، دین بەکارهاتووە نەک ناسیۆنالیزم (Loomba, 2007).

هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە ناسیۆنالیزم لە دژی مافی ژنان و یەکسانیی ڕەگەزییە، خۆدزینەوەیەکی ئاسانە لە چارەسەرکردنی ئەو بابەتە. بۆ قەبووڵکردنی ئەوەی کە ناسیۆنالیزم لە زاتی خۆیدا یەکسانیی ڕەگەزی ڕەت دەکاتەوە، یان دەبێ لە هاوکاریی نێوان ناسیۆنالیزم و فێمێنیزم بێ ئاگا بین یان بە مەبەست خۆمانی لێ وەلابدەین. من وەکوو خۆم لەو بڕوایەدام کە بژاردەی دووەم هەڵبژێردراوە.

لەبەر ئەوەی ئامانجی سەرەکیی سەرجەم ئەو لێکدانەوە و شرۆڤانەی کراون، لە جیاتی شیکردنەوەی سەرجەم لایەنەکانی ئەو کێشەیە، زیاتر ڕەوایەتی بە بەرگریکردن لەو بیرۆکەیە دەدات کە باسکرا. بەڵام ئەگەر تەماشای بزووتنەوەی ژنانی کورد (کە مژاری ئێمەیە) بکەین، دەتوانین زۆر هۆکار بێنن کە تاکوو گەیشتووە بەم قۆناغە، زۆر قەرزداری بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کوردە. لەبەر ئەوە پێویست ناکات کە خەسارناسیی ناسیۆنالیزم بە هۆی فێمێنیزمەوە بکرێت. بەڵکوو دەبێت بە ڕێگەی بە سەنتەرگرتنی

ناسنامەی کوردبوون بێت و ناسنامەیەکی کوردی بە بزووتنەوەی ژنانی کورد بدرێت. وەکوو ئەوەی ڕانژوو شەئدۆ هەرری، لە شرۆڤەکانی لە ساڵی ٢٠١٣دا دەڵێت، پێویستە هەوڵ بدرێت بۆ بەدەستهێنانی ناسنامەی فێمێنیزمی ناسیۆنالیست. لە بەر ئەوەی ناسیۆنالیزم، بە قەبووڵ کردنی ژن وەکوو بەشیک لە ناسنامە نەتەوەییەکەی، بە ئیدیۆلۆژییەکی یەکسانخواز، ڕێگە لە بەردەم ژنان دەکاتەوە کە بتوانن داوا و خواستەکانیان لە ئاستێکی بەرزدا بەدەست بێنن. سەرەڕای ئەوەی کە وەکوو هەندێک کەس دەڵێن، ناسیۆنالیزم هەندێکجار بووەتە هۆی بەرهەمهێنان و سەرلەنوێ دروستکردنی نایەکسانیی ڕەگەزی، بەڵام ناکرێت بەو ڕوانینە توندەی کە بزووتنەوەی ژنانی کورد هەیانە و وەکوو پیاوسالاری وەسفی دەکەن، باس لە ناسیۆنالیزم بکرێت. بۆ ئەوەی کە نەکەوینە ئەم هەڵە جەوهەرییەوە، پێویستە واز لە تاوانبارکردنی ناسیۆنالیزم وەکوو ئیدیۆلۆژییەکی بێ ئەنجام و بێ کەڵک ومەترسیدار بۆفێمێنیزم بێنین. لە بەر ئەوەی بە بڵاوکردنەوەی ئەم قسانە، دەبینن کە جگە لە ڕێگریکردن لە بەشداربوون ژنانی کورد لە خەباتی نەتەوەییدا، هیچ ئەنجامێکی دیکەی لێ ناکەوێتەوە.

*.https://www.gazeteduvar. com.tr/forum/2019/02/07/kurt-milliyetciliginin-kurt-kadin-hareketi-ile-imtihani

## سەرچاوەکان


Aksu Bora, Hatırlananlar ve Unutulanlar: İslam Coğrafyasında Modernleşme ve Kadın Hareketleri, Bilig Dergisi, Sayı: 53, Bahar 2010, s. 51-66.

Aktaş, Sara (2017), Alternatif Modelde Kadın Özgürlüğünün Merkeziliği, içinde: «Kapitalist Moderniteye Meydan Okumak II», İstanbul, Amara Yayınları

Arat, Yeşim (1999), Türkiye›de Modernleşme Projesi ve Kadınlar, içinde: «Türkiye›de Modernleşme ve Ulusal Kimlik», ed. Sibel Bozdoğan ve Reşat Kasaba, çev. Nurettin Elhüseyni, İstanbul, Türk Vakfı Yurt Yayınları.

Ayşe Gökkan, Özgür Yaşam İçin Bir Sistem Önermesi: Demokratik Özerklik, Jineolojî Dergisi, Sayı: 3, 2016.

Bora, Tanıl (2017), Cereyanlar, İstanbul, İletişim Yayınları.

Donovan, Josephine (2014), Feminist Teori, çev. Aksu Bora, M. A. Gevrek ve Fevziye Sayılan, İstanbul, İletişim Yayınları.

Elif Ekin Akşit, Hanimlara Mahsus Milliyetçilik: Fatma Aliye Ve Erken Milliyetçi Stratejiler, Kebikeç Dergisi, Sayı: 30, 2010, s. 57-74.

Enloe, Cynthia (2013), Feminizm, Milliyetçilik, Militarizm, çev. Ayşe Gül Altınay ve Tansel Güney, içinde: «Vatan, Millet, Kadınlar», der. Ayşe Gül Altınay, Istanbul, İletişim Yayınları.

Fadile Yıldırım, Kadın Mücadelesi, Ulus-devlet ve Demokratik Ulus, Demokratik Modernite Dergisi, Sayı: 2, Eylül-Ekim 2012, s. 84-88.

Kandiyoti, Deniz (2013), Cariyeler, Bacılar, Yurttaşlar, çev. A. Bora, F. Sayılan, Ş. Tekeli, H. Tapınç ve F. Özbay, İstanbul, Metis Yayınları.

Kışanak, Gültan (2018), Adım Adım Yükselen Kadın Özgürlük Mücadelesi, içinde: “Kürt Siyasetinin Mor Rengi», Ankara, Dipnot Yayınları.

Kubilay, Mukaddes (2018), Başkan, Artık Kadınlara Birşey Diyemiyoruz, içinde: “Kürt Siyasetinin Mor Rengi», Ankara, Dipnot Yayınları.

Loomba, Ania (2000), Kolonyalizm Postkolonyalizm, çev. Mehmet Küçük, İstanbul, Ayrıntı Yayınları.

https://www. gazeteduvar. com. tr/ forum/2019/02/07/ku rt-milliyetciligini n-kurt-kadin-ha reketi-ile-imtihani